# زمانی کوردی لە دەڤەری هەولێر، ساڵانی (١٩٣٥-١٩٣٦)
# "گۆڤاری ڕووناکی بە نموونە"

عومەر عادل عەبدوڵڵا
(کەلار)

### ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، خستنەڕووی دۆخی زمانی کوردییە، لە ساڵانی (١٩٣٥-١٩٣٦)، لە دەڤەری هەولێر، چونکە لەو قۆناغەدا دۆخی زمانی کوردی، لە ئاستی دەنگسازی و وشەسازیدا وەک ئێستا نەبووە، بەڵکوو چەندان کەموکورتی هەبووە، کە زۆر بە زەقی لە نێو نووسراوە کوردییەکاندا بەدی دەکران.

### میتۆدی توێژینەوە

لە میتۆدی توێژینەوەکەدا، ڕێبازی پەسنی-شیکاری پەیڕەو کراوە و لەو ڕێگەیەوە هەوڵمان داوە، بە ڕاستیودروستی لە بارودۆخی زمانی کوردی ئەو سەردەمە بگەین.

### سنووری توێژینەوە

سنووری توێژینەوەکە، تەنیا بارودۆخی زمانی کوردی لە دەڤەری هەولێر دەگرێتەوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٣٦)، هەروەها سنووری توێژینەوەکەمان لە نێوان دوو ئاستی وشەسازی و دەنگسازیی زمانی کوردی چڕکردووەتەوە.

### کەرەستەی توێژینەوە

کەرەستەی توێژینەوەکە، بریتییە لە زمانی نووسین، چونکە ئەگەر بمانەوێت لە زمانی کوردی بکۆڵینەوە، لە سەدەکانی ڕابوردوودا، یان دەبێت تۆمارێکی دەنگیمان لا بێت، کە ئەمەیان کەمێک ئەستەمە، یان دەبێت پشت بە زمانی نووسین ببەستین.

### گرفتی توێژینەوە

بە پێی پێوەرە زمانییەکانی ئێستای زمانی کوردی، دەتوانین زمانی کوردی لە ساڵی (١٩٣٥ - ١٩٣٦)، لە دوو گرفتی گەورەی ئاستەکانی زمان هەڵبسەنگێنین، ئەوانیش ئاستی دەنگسازی و وشەسازین. لە میانەی خوێندنەوەی گۆڤارەکەدا،

گەلێک کەموکورتی بەدی دەکرێت، کە شایەنی تێڕامان و لێ وردبوونەوەن.

## پێشەکی

زمانی کوردی، بە کۆمەڵێک قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە، تا بەم زمانە پاراوەی ئێستا گەیشتووە، ئەمە نەک بۆ زمانی کوردی، بەڵکوو بۆ هەموو زمانانی دنیا دروستە، چونکە زمان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافیاییدا، چەندان گۆڕانکاری تێدا ڕوو دەدات، بێگومان ئەمەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، تەنانەت لە نێو هەمان زماندا، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی زمانی کوردی لە دەڤەری هەولێر، بەو هۆیەشەوە (گۆڤاری ڕووناکی)مان بە نموونە وەرگرتووە، چونکە توێژینەوەی ئێمە پێوەندی بە زمانی نووسینەوە هەیە، نەک زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە. هەروەها بە پێی شارەزایی و پێوەرەکانی ئێستای زمانی کوردی کاری لەسەر کراوە.

## چەمک و پێناسەی گۆڤار

گۆڤار، یەکێکە لەو کەرەستە و ئامرازانەی نووسەران، یان ئەو کەسانەی ئارەزووی نووسینیان هەیە، بەرهەمەکانیانی تێدا بڵاو بکەنەوە. سەبارەت بە بوارەکان، گۆڤار هەیە تایبەت کراوە بە بوارێک، یان چەند بوارێک، بە پێچەوانەوە، گۆڤاریش هەیە گشتییە و هەموو جۆرە بابەتێک بڵاو دەکاتەوە، کە شیاوی بڵاوکردنەوە بێت.

((گۆڤار بە ئامرازێکی گرنگی ڕاگەیاندن دادەنرێت کە لە قووڵایی کتێب و لە ڕۆژنامە وەردەگرێت و ماددەکانی بەتاڵ دەکاتەوە و ئەم ماددەیە لەگەڵ لایەنەکانی ژیان و خێرایی ڕوودانیان بەڕۆژ دەهێڵێتەوە هەروەها دوای هەموو ئەمانە، دەتوانێت بە هەموو ئەم ماددە جیاوازانەدا بچێتەوە و دیدێکی نوێ بخاتە بەردەم خوێنەر.)) (د.غازي رين عوض الله، ١٩٩٧، ١٠ -١١)

(هەژار موکریانی) لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا بەم شێوەیە پێناسەی گۆڤار دەکات: ((نووسراوی چەند پەڕییەکە، کە حەوتوانە، یان مانگانە بڵاو دەبێتەوە))، بەڵام دیاریکردنی ماوەی کاتەکە مەرج نییە، چونکە هەندێ گۆڤار هەن دوو مانگ جارێک بڵاو دەبنەوە.

(شێخ محەمەدی خاڵ) لە (فەرهەنگی خاڵ) دا دەڵێت: ((چەند پەڕە نووسراوێکی چاپکراوە کە حەفتە و حەفتە، یا مانگە و مانگ دەربچێ (مجلة).))، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا مەرج نییە، بەشێوەی چاپ، لە دەزگاکانی چاپدا بڵاو بکرێتەوە، بەڵکوو هەندێک جار بەشێوەی ئەلیکترۆنی بڵاو دەکرێتەوە و دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران.

((وشەی «کۆڤار» بۆ یەکەم جار لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٩٣-١٩٤٧) لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری «زاری کرمانجی» لە ٢٥ی ئایاری ١٩٢٦، بەم شێوەیە بەکارهاتووە: (کۆڤارێکی اجتماعی تاریخی ادبي یە)، بەڵام لە بەرگی ناوەوەدا بەم شێوەیە دەیبینین: (گڤارێکی اجتماعی تاریخی فني ادبي یە)، کە لە دوو و سێدا هەر بە (کۆڤار)ی نووسیوە، بەڵام لە ژمارە چواردا گۆرانی بەسەر شێوەی نووسینی ئەم ڕێنووسەدا هێناوە، بەم ڕێنووسە (کۆڤارێکی اجتماعی تاریخی فنی ادبي مانگی یە)ی دەبینین.)) (عەبدولسەمەد ئیسلام

دۆسـکی، ۲۰۱۰، ٧٤)

هەروەهـا گۆڤـاری ڕووناکـی وەک یەکێـک لـە گۆڤـارە کوردییـە کۆنـەکان، لـە ژمـارەی یەکەمـی گۆڤارەکـەدا، کـە بەڕێوبەرەکـەی (شـیت مسـتەفا) ی پارێـزەر بـوو، بـەم شـێوەیە ئامـاژەی پـێ داوە: (کوواریکـی هەفتـەی علمـی اجتماعـی ادبـي کوردیـە.). دیـارە لێـرەدا ئامـاژەدان بـە (کـووار) مەبەسـت لـە (گۆڤـار)ـە، بـەڵام دیارە ئـەو ماوەیە، وشـەکە لـە سـەرەتای دروسـتبوونیدا بـووە و بـە تەواوەتـی لایەنـی فۆنۆلۆژییەکانـی خـۆی جێگیـر نەکـردووە.

گۆڤـار زیاتـر خزمـەت بـە نووسـەر دەکات، وەک لـە خوێنـەر، چونکـە نووسـەر دەتوانێـت ئـەو بەرهەمانـەی کـە کەمـن، یـان بـە هـەر هۆکارێـک بێـت، دەزگاکانـی چاپکـردن، بـۆی چـاپ ناکـەن، لـە ڕێگـەی گۆڤارێکـەوە بڵاویـان بکاتـەوە، هەرچـی سـەبارەت بـە خوێنـەرە، هەندێـک جـار خوێنـەر تەنیـا پێویسـتی بـە یـەک بابەتـی ئـەو گۆڤارەیـە و تـا ئـەو گۆڤـارەی چنـگ نەکەوێـت، ناتوانێـت ئـەو بابەتـە بخوێنێتـەوە، دەبێـت کـۆی ئـەو گۆڤـارەی دەسـت بکەوێـت.

## زمانی نووسین

نووسـین، هەوڵێکـی مرۆڤـە، بـۆ تێگەیشـتنێکی تۆکمەتـر و باوەڕدارتـر، یـان ناردنـی پەیامێـک بـۆ جێگایەکـی دوورتـر و پاراسـتنی ئـەو پەیامـە، لـە هەنـاوی زمانـدا، یـان ((نووسـین یەکێکـە لـە گەورەتریـن داهێنانەکانـی مێـژووی مرۆڤایەتـی. بـە بەکارهێنانـی نووسـین، ئێسـتا دەتوانیـن نامـە، هەروەهـا ئیمەیـڵ و نامـەی کـورت لـە مـەودای جوگرافیـای فراوانـدا بنێریـن، ئـەوەی دەیزانیـن بـۆ نەوەکانـی داهاتـوو تۆمـاری بکەیـن.)) (کلودیـا کلاتـز، افرودیـت سـوروتو، ۲۰۱۹، ۳) لێـرەدا، نووسـین دەبێتـە تۆمـاری قسـەی وتـراو.

لـە بـارەی نووسـینەوە، (شـێخ محمـدی خـاڵ)، لـە فەرهەنگەکەیـدا دەڵێـت: ((پیـت خسـتنە سـەر کاغـەز بـە قەڵـەم لەلایەن نووسـەرێکەوە.)) (شـێخ محەمـەدی خـاڵ، ۲۰۰٥: ٤٧٦) بـەڵام دەبێـت ئـەم پیـت بەکارهێنانـە بکرێـت بـە کۆمەڵێـک وشـەی واتـادار و لـە چوارچێـوەی دەقـدا بەکاربهێنرێـت، بـۆ ئـەوەی شـایەنی ئـەوە بێـت، کـە پێـی بوترێـت نووسـین.

(ئەوڕەحمانـی حاجـی مارف) دەڵێت: ((نووسـین وەسـیلەیەکە بـۆ لـە یەکتـر تێگەیشـتن و تەواوکـەری ئاخاوتنـە، پێویسـتی ئادەمیـزاد بـۆ لـە یەکتـر تێگەیشـتن لـە دوورەوە لـە کاتـی جیاوازدا بـوو بـە هـۆی پەیدابوونـی نووسـین. دیـارە قسـە بـە هـۆی نیشـانەی تایبەتییـەوە لەسـەر شـتێک نەنووسـرێ، ئـەوە نـە کەسـێکی دوور دەتوانێـت لێـی تێبـگات و نـە بـۆ دەمێکـی دواتریـش دەمێنێتـەوە.)) (ئەوڕەحمانـی حاجـی مـارف، ٤٧)، هـەر بۆیـە ئـەو کەسـانەی کێشـەی ئاخاوتنیـان هەیـە، پەنـا دەبەنـە بـەر زمانـی نووسـین و لـەو ڕێگەیـەوە گوزارشـت لـە بۆچوونەکانـی خۆیـان دەکـەن، واتـە ڕێگـەی گەیاندنـی پەیامەکـە، لـە زمانـی ئاخاوتنـەوە بـۆ زمانـی نووسـین دەگۆڕێـت.

(شـیلان عومـەر حسـێن) لـە ناسـاندنی زمانـی نووسـیندا دەڵێـت: ((زمانـی نووسـین وێناکردنـی ئاخاوتنـە و شـێوەیەکی زمانـە، یـان فۆرمێکـی گرنگ و میکانیزمێکـی بەرجەسـتکراوی پێڕاگەیاندنـی بیرە، یاخـود بیرێکـی گەڵاڵـە کـراوە، کـە بەهـۆی کەناڵـی ئاخاوتنـەوە دروسـت دەبێـت و دەنووسـرێتەوە، یـان نووسـین نواندنـی زمانـە، بەکارهێنانـی هێمـا و ئامـاژە، کـە بـە پێـڕەوی نووسـین ناسـراوە.)) (شـیلان عومـەر حسـێن، ۲۰۲۱، ٧٨)

(محمـد مەعـرووف فەتاح)یـش لـە پێناسـەی

نووسـینـدا دەڵێـت: ((نووسـین بریتییـە لـەو هەوڵـەی مـرۆڤ داویەتـی بـۆ تۆمارکردنـی قسـە تـا مێـژوو و میرایەتـی خـۆی لـە فەوتـان بپارێـزێ، نووسـین زمـان نییـە بەڵكـوو لەگەڵ قسـەكردنا دوو شـێوەی زمانـن، نووسـین دووجـار دووركەوتنەوەیـە لـە ڕاسـتییە ڕووداوەكان و واقیـع، چونكـە ڕەمـزە بـۆ ڕەمـزی تر(گوتـن).)) (محمـد مەعـرووف فەتـاح، ٢٠١١، ٢٢١)

کەواتـە زمانـی نووسـین پارێزراوتریـن زمانـە، بـۆ گەیاندنـی ئـەو پەیـام و نامانـەی کـە مـرۆڤ ئـارەزووی گەیاندنـی هەیـە، چونكـە ئـەو پەیامـەی لـە ڕێگـەی زمانـی نووسـینەوە دەگەیەنرێـت، پەیامێكـی نەمـرە، بـەڵام ئـەو نەمرییـە، تـا ئـەو كاتـە بەردەوامـی دەبێـت، کـە ئـەو زمانـەی دەقەکـەی پـێ نووسـراوەتەوە زینـدووە، چونكـە دوای مـردن و لەناوچوونـی ئـەو زمانـە، ئیتـر ئـەو پەیامـە دەبێـت بـە فۆرمێكـی بـە تـاڵ و ئاخێـوەر لێـی تێنـاگات.

(نەریمـان خۆشـناو) زمانـی نووسـینی بـە (زمانـی نووسـراو) نـاو بـردووە و بـەم شـێوەیە پێناسـەی کـردووە: ((ئـەو زمانەیـە، کـە ماناکان لـە ڕێگـەی ئـەو پیتانـەوە دەگوازێتـەوە، کـە وشـە و ڕسـتە دروسـت دەکات، کـە دەیاننووسـین، پاشـان لەسـەر شـێوەی شـەپۆلی ڕووناکـی بـۆ چـاوەکان حەواڵـە بکـەن، ئیتـر خوێنـەر دەبینێـت و لێـی تێـدەگات، وەکوو ئـەو زمانـەی کە لـە پەرتـووک و ڕۆژنامەکانـدا دەیانخوێنینەوە.)) (د.نەریمان خۆشـناو، ٢٠١٤، ٣٣)، کەواتـە زمانـی نووسـین، بـەو زمانـە دەناسـرێتەوە، کە تـەواو تایبەتمەنـدە بـە نووسـینەوە و جیـاوازە لـە هەمـوو ئاخاوتنێکـی ئاسـایی ڕۆژانـە.

## دۆخی زمانی کوردی لە گۆڤاری ڕووناکیدا

لـە شـاری هەولێـر، کۆمەڵێـک گۆڤـاری گرنـگ و بەهـادار پەیـدا بـوون، کـە کاریگەرییـان بەسـەر ڕێـڕەوی زمانـی کوردییـەوە هەبـوو و توانییـان ببنـە مایـەی گەشەسـەندنی زمانـی کـوردی، لـە ڕابـوردوودا. یەکێک لـەو گۆڤارانە، گۆڤاری ڕووناکی بـوو، ((گۆڤـاری ڕووناکی وەک گۆڤارێکـی کوردی شـاری هەولێـر، زۆر لـە دوای گۆڤارەکانـی تـرەوە نەهاتـووە، بەڵکـوو لـە هـەر پێنـج پارچەکانـی کوردسـتان، لـە پێـش گۆڤـاری ڕووناکیـدا، تەنیـا یـازدە گۆڤـاری کـوردی دەرکـراون، بـە واتـا ڕووناکـی لـە ڕیزبەنـدی گۆڤـارە کوردییەکانـدا ژمـارە (١٢) بـۆ خـۆی بەدەسـت دەهێنـێ، ئەمـەش لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی گـەورە و دەرەوەی کوردسـتانیش کـە گۆڤـاری کـوردی لـێ دەرکرابێـت، بـەڵام لـە ئاسـتی کوردسـتانی عێراقـدا گۆڤـاری ڕووناکـی دووەمیـن گۆڤـاری کوردییـە، کـە لـە کوردسـتانی عێـراق دەربکرێـت، پێـش ئـەوە، بـە تەنیـا گۆڤـاری (زاری کرمانجـی) لـە (ڕەوانـدز) دەرکـراوە، کـە خاوەنـی ئەوەیـش هـەر (حوسـێن حوزنـی موکریانـی) نووسـەر، چاپکـەر و بڵاوکـراوەی گۆڤـاری ڕووناکییـە.)) (ئیدریـس مسـتەفا عەبدوڵـڵا، ٢٠٠٨، ٢٨-٢٩)

((بێگومـان دەرچوونـی گۆڤـار لـە کوردسـتان خزمـەت بـە گـەل و نەتەوەی کـورد دەکات، حوزنی هەمـوو هەوڵێکـی ئەوەبـوو کـە خزمـەت بـە کـورد بـکات، ئامانـج لـە بڵاوکردنـەوەی گۆڤـاری ڕووناکی پاراسـتنی گەنجینـە و ڕۆژنامەگـەری کـوردی بـووە، هەروەهـا گۆڤـاری ڕووناکـی سـوودێکی زۆری بـە نـەوەی ئـەوکات گەیانـدووە، بابەتـە بڵاوکراوەکانـی گۆڤـاری ڕووناکـی باسـیان لـە شـێوازی ژیـان و گوزەرانـی خەڵکـی کـورد دەکـرد، لەوکاتـەدا کـە بـە شـێوەیەکی هۆشـیارانە لـە ژیانـی ڕۆژانـەی کۆمەڵگـەی کـوردی کۆڵیوەتـەوە، هەروەهـا باسـی لـە بارودۆخـی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگـەی کوردەواری

کردووە، ئەگەر گلەیی و گازندەش هەبوویێت چ لە بەرپرسانی میری چ لە کۆمەڵگەکەیان بە شێوەیەکی دیپلۆماسییانە و بوێرانە پێداویستییەکانی خەلکیان خستووەتە ڕوو، کە ئەمانەش دەچنە قاڵبی سیاسەتەوە، بەڵام لە بەرگێکی نایابی کۆمەڵایەتی و وێژەییدا، هەرچەندە لەو کاتەدا نەبوونی ئامێری چاپ کردن لە شاری هەولێر کۆسپێکی گەورە بووە لەبەردەم بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار لەم شارەدا.)) (خەڵات محەمەد، گۆڤاری ڕووناکی دەنگ و مێژوو نووسینی کوردی، https://www.zarikrmanji.n22703/).

ئامانجی هەموو نووسەرانی گۆڤاری ڕووناکی، ئەوە بوو: کە گۆڤارەکە ببێت بە بزوێنەرێک، هێزی سست و لاوازی خوێنەرانی بەهێز بکات.

گۆڤاری ڕووناکی، جگە لە بابەتی ئەدەبی، بابەتی کۆمەڵایەتی و مێژوویيشی بڵاو کردووەتەوە، بەڵام زیاتر مۆرکە ئەدەبییەکە بەسەریدا زاڵ بووە، هەر بۆیە (عەلائەددین سەجادی) لە پەسنی گۆڤاری ڕووناکیدا دەڵێت: ((«ڕووناکی»، گۆڤارێکی حەفتەیی ئەدەبی بووە، لە لایەن «شیت موستەفا»وە لە «هەولێر» دەرچووە. ژمارە ١٠ی بەر ڕۆژی ٢٥ی نیسانی ١٩٣٦ کەوتووە، ئیتر نازانم چەند ژمارەی لێ دەرچووە.)) (عەلائەدین سەجادی، ١٩٥٢، ٤٠١)، بەڵام ئەگەر یەکێک هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکەی دەستکەوتبێت، ئەوە دەزانێت کە یازدە ژمارەی لێ دەرچووە.

گۆڤاری ڕووناکی لە شاری هەولێر، هەلێکی گەورەی ڕەخساند بۆ ئەوەی زیاتر کاری چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری لە دەڤەری هەولێر پێش بکەوێت، چونکە ((گۆڤاری ڕووناکی لە هەولێر سەرەتای کاری چاپەمەنی بوو، کە بۆ یەکەمین جار لە ڕێگەی گۆڤاری (ڕووناکی) یەوە چاپخانە دامەزرا. گۆڤاری ڕووناکی دەنگ و مێژوو و نووسینی کوردەواری بووە، لە هەولێر دەرچووە، بۆ یەکەمین جار، هەولێر هاوبەشیی کاروانی ڕۆژنامەگەری کردووە و یەکەمین چاپخانەی بە زمانی کوردی تێدا دامەزرا، گۆڤاری ڕووناکی گۆڤارێکی زانستی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ئەدەبی بووە، ئەو ڕێبازەی لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا پەیڕەو دەکرا بەردەوامی ڕێڕەوی کوردایەتی زاری کرمانجی ساڵی (١٩٢٦-١٩٣٢) بوو، کە حوزنی موکریانی لە ڕواندز دایمەزراندبوو، گۆڤاری (ڕووناکی)ش بەهەمان شێوە لەلایەن (حوزنی موکریانی و پارێزەر شیت مستەفا) دامەزراوە.)) (خەڵات محەمەد، گۆڤاری ڕووناکی دەنگ و مێژوو نووسینی کوردی، https://www.zarikrmanji.n22703/)، کەواتە گۆڤاری ڕووناکی، زمانحاڵی زمانی نووسینی کوردی بوو، دەتوانین لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە، لە دۆخی زمانی کوردی ئەو سەردەمەدا بدوێین.

ئەگەرچی گۆڤاری ڕووناکی، یەکێک بوو لەو گۆڤارانەی کە بە زمانی کوردی بابەتەکانی بڵاو دەکردەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، لە ئاستی دەنگسازی و وشەسازیدا بێ کەموکورتی نەبوو، بەڵکوو چەندان هەڵە و کەموکورتی تێدا بەدی دەکرێت، لەم دوو ئاستەی زماندا:

١ - کەموکورتییە دەنگسازییەکانی گۆڤاری ڕووناکی.

دەنگسازی، زانستی دەنگەکانی زمانە و هەر جووڵە و گۆڕانکارییەک لە دەنگەکانی زماندا بکرێت، ڕاستەوخۆ لە نێو ئەم زانستەدا باسی لێوە دەکرێت. ((دەنگسازی زانستێکی گشتییە و لقێکە لە زمانەوانی و هەردوو بەشی زانستی

فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی لەخۆ دەگرێت. لێکۆڵینەوە لە ئاستی دەنگسازی مێژووییەکی کۆنی هەیە. تەنانەت هەندێک بۆچوون هەن، کە دەنگسازی بە زانستێکی سەربەخۆ دادەنێن، بەڵام بۆچوونی بەهێز ئەوەیە، کە لقێکە لە زمانەوانی. ئاشکرایە زمان بۆ مرۆڤی کۆن دیاردەیەکی سەرسوڕهێن بووە، بەوەی لەو ڕێگەیەوە جیاوازی لە نێوان خۆی و ئاژەڵدا کردووە، واتە مرۆڤ هەموو توانایی و لێهاتووییەکانی لە ڕێگەی زمانەوە پیشکەش دەکات. لێکۆڵینەوە لە زمان بە شێوەیەکی گشتی زۆر کۆنە.)) (غەفوور عارف خزر، ٢٠٢٢، ٣)

پیتەکانی زمانی کوردی (٣٧) پیتن، بەڵام لە ساڵانی سییەکانی ڕابوردوودا لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری ڕامیاری و ئایینی، بە تەواوەتی زمانی کوردی لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبیدا بووە، بە جۆرێک هەندێک لەو پیتانە نەدەنووسران، کە لە زمانی عەرەبیدا نەبوون، بۆ نموونە (ڵ، ێ، ڕ، وو، تاد...)، چونکە ئەم کۆمەڵە پیتانە لە ڕێنووسی زمانی عەرەبیدا نین و نووسەرانی ئەوسای گۆڤاری ڕووناکی پاڵپشت بە ڕێنووسی زمانی عەرەبی، بەرهەمەکانیان لە گۆڤارەکەدا بڵاو کردووەتەوە.

قرتاندنی هەندێک لە بزوێنەکانی زمانی کوردی، یەکێکە لە هەرە دیارترین کەموکورتییەکانی لە ئاستی دەنگسازیدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ڕێنووسی زمانی کوردی، لە ژێر هەژموون و کاریگەریی زمانی عەرەبیدا بووە. بزوێنی (ە) یەکێکە لەو بزوێنانەی کە لە زمانی کوردیدا زۆر بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە گۆڤاری ڕووناکیدا، زیاد لە بزوێنەکانی تر قرتێنراوە.


بەکارنەهێنانی هەندێک لە پیتە نەبزوێنەکانی زمانی کوردی، کە چ بەشێوەی پیت و چ بە شێوەی دەنگ هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسراوەکانی گۆڤاری ڕووناکی لە ژێر ڕۆشنایی زمانی عەرەبیدا نووسراونەتەوە، زۆر لەو پیتانە بەکارنەهێنراون، بۆ نموونە وەک پیتی (ڵ).


هەروەها بوونی هەندێک پیتی تر، کە پێوەندییان بە ڕێنووسی زمانی کوردییەوە نییە، بۆ نموونە (ص)، کە ئەم پیتە هیچ پێوەندییەکی بە ڕێنووسی زمانی کوردییەوە نییە، بەڵکوو ئەم پیتە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، ڕاستە ئەم دەنگە لە هەندێک وشەی زمانی کوردیدا دەردەبڕێت، وەک وشەی (سەد، سەگ، ساڵ، تاد..)، بەڵام وەک پیتێک لە زمانی کوردیدا نییە. جگە لەو پیتەش، لە هەندێک پاژی گۆڤارەکەدا، پیتی (ذ) بەدی دەکرێت، کە ئەم پیتە، نە وەک دەنگ و نە وەک پیت، بە هیچ شێوەیەک لە زمانی کوردیدا نییە.


٢- کەموکورتییە وشەسازییەکانی گۆڤاری ڕووناکی.

لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا، لە ئاستی وشەسازی زمانی کوردیدا، چەندان کەموکورتی بەدی دەکرێت، کە ڕووی ڕاستەقینەی زمانی کوردی پێشان دەدەن، یەکێک لە دیارترین ئەو کەموکورتییانەی لە ئاستی وشەسازیدا بەدی دەکرێت، بریتییە لە زاڵبوونی فەرهەنگی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردیدا. ئەم زاڵبوونەش، ڕەهەندێکی ڕامیاری و ڕۆشنبیری لە پشتییەوەیە. ڕەهەندە ڕامیارییەکە ئەوەیە کە ناوچە کوردییەکانی باکووری عێراق (هەرێمی کوردستانی ئێستا) لە ژێر دەسەڵاتی میری ناوەندیدا بوون، هەر بۆیە نووسراوە فەرمییەکان بە زمانی عەرەبی نووسراونەتەوە.

چەندان وشەی عەرەبی لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا هەن، بۆ نموونە (تحقیقات، اقوام، ظهور، مثال، تاریخ، تاد..)، ((هەموو ئەم وشانە و دەیان


روناكى
اجتماعيات


روناكى


اقتصادی یاتی
نیشتانی کورد

و سەدان وشەی هاوشێوەیان، کە خراونەتە نێو ڕستەی کوردییەوە، لە نووسینەکانی (ڕووناکی) دا بە زۆری بەرچاو دەکەون، هەموویان عەرەبین، ئەمەش بۆ ئەو ڕۆژگارە ئاسایی بووە، چونکە ڕۆشنبیری شاعیرانی ئەو ڕۆژگارە، یان دەرچووی حوجرەکان بوون، یان دەرچووی کۆلێژەکانی بەغدا بوونە، لە هەردوو ئەو شوێنانەش زمانی خوێندن عەرەبی بووە، بۆیە ڕۆشنبیری کورد کە هاتووە زمانەکە خۆی بنووسێت، لەبەر ئەوەی فەرهەنگێکی گەورەی عەرەبی لە مێشکیدا هەبووە، ئیتر بێ سڵکردنەوە، ئەو وشانەی بەکارهێناوەتەوە و بە خراپیشی نەزانیون.)) (ئیدریس مستەفا عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ٢٩)

بوونی چەندان وشەی شێوەزاری دی لە نێو نووسراوەکانی گۆڤارەکەدا، یەکێکە لە کەموکورتییە وشەسازییەکان، بۆ نموونە: لە لاپەڕەی سێیەمی ژمارە یەکی گۆڤارەکەدا، نووسەر لەبری ئەوەی بڵێت: (هەیە) بە شێوەزاری هەولێری وشەکەی دەربڕیوە وتوویەتی: (هەنە)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە خەڵکی ڕەسەنی دەڤەری هەولێر بوون. ئەگەر ئاوڕێک لە ژیاننامەی نووسەرانی گۆڤارەکە بدەینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە: (کانی) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە چەند دەقێکی شیعری لە گۆڤارەکەدا بڵاوکردووەتەوە، کە ((شاعیرێکی نەفسبەرز و چاونەترس و ئازا بوو ؛ حاجی مەلا عەبدولڕەحمانی باوکی زانایەکی گەورە و ناودار بوو، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا کراوە بە موستەنتیق لە شاری هەولێر.)) (موەفەق ئەکرەم کانی، ١٩٨٠، ٧)

لە خوارەوە چەند لاپەڕەیەک وەک نموونە دەهێنینەوە، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانمان:

## **ئەنجامی توێژینەوە**

**لــە ژێــر ڕۆشــنایی دەنگســازی و وشەســازی ئێسـتای زمانـی کوردیـدا، گەیشـتین بـەو ئەنجامـەی، کـە چەنـدان کەموکورتـی لـە نووسـراوەکانی گۆڤـاری ڕووناکیـدا هەبـووە، چونکـە ئـەم گۆڤـارە سـەردەمێک دەرچـووە و چـاپ کـراوە، کـە زمانـی کـوردی بـە ڕادەیەکـی زۆر پشـتگوێ خـراوە، یـان ئەگـەر هـەوڵ درابێـت بـۆ بەکارهێنانـی زمانەکـە، ئـەوە بەشـێوەیەک بەکارهێنـراوە کـە پـڕ بـووە لـە چەنـدان هەڵـە لە زۆر لـە ئاسـتەکانی زمانـدا. ئـەم هەڵـە و کەموکورتییـە زەقانـە بـۆ ئـەوە دەگەڕێنـەوە، کـە زمانـی کـوردی لـەو سـەردەمەدا گرنگییەکـی ئەوتـۆی پـێ نـەدراوە و سیاسـەتێکی زمانـی بوونـی نەبـووە، کـە خزمـەت بـە زمانـی کـوردی بـکات.**

**سەرچاوەکان:**


- شـێخ محەمــەدی خــاڵ، «فەرهەنگــی خــاڵ»، هەولێـر: بڵاوکـراوەی ئـاراس، ٢٠٠٥.

- عبدالرحمـن شـرفکندی، «هەنبانـە بۆرینـە، فرهنـگ فارسـی-کردی»، ویراسـتیار: محمـد ماجـد مـردوخ روحانـی، تهـران، انتشـارات سـروش، ١٣٦٩ (١٩٩٠).

- کلودیـا کلاتـز، افرودیـت سـوروتو، اختـراع وممارسـة الکتابـة فـي الشـرق الأدنـی القدیـم، ٢٠١٩.

- د. نەریمـان خۆشـناو، زار و زمـان، چاپخانـەی هێڤـی، چاپـی دووەم، ٢٠١٤.

- عەلائەدیـن سـەجادی، مێـژووی ئەدەبـی کـوردی، چاپخانـەی معـارف، ١٩٥٢.

- شـێخ محەمــەدی خــاڵ، فەرهەنگــی خــاڵ، چاپــی دووەم، دەزگای ئـاراس (هەولێـر)، ٢٠٠٥.

- غەفـوور عـارف خـزر، دەنگسـازی زمانـی کـوردی لـە نێـوان ئاسـتی ژێـرەوە و سـەرەوەدا، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی سـلێمانی، ٢٠٢٢.

- د.غـازي رين عـوض اللـه، الاسـس الفنيـة للمجلـة، الهيئـة المصريـة العامـة للكتـاب، ١٩٩٧.

- عەبدولسـەمەد ئیسـلام دۆسـکی، ڕۆڵـی بنەماڵـەی بەدرخانییەکان لە گەشـەپێدان و پێشخستنی ڕۆژنامەگەری کوردیـدا، چاپخانـەی بابـان، ٢٠١٠.

- ئیدریـس عەبدوڵـڵا مسـتەفا، لـە بـارەی ڕۆژنامەگەریـی کوردییـەوە، دەزگای توێژینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.

- موەفـەق ئەکـرەم، دیوانـی کانـی، پێشـەکی و لێکدانـەوەی: کەریـم شـارەزا، سـلێمانی: چاپخانـەی الحـوادث، ١٩٨٠.

- ئەوڕەحمانی حاجی مـارف، نووسـین و جۆرەکانی، گۆڤـاری (کاروان)؛ ئەمینداریێتـی گشـتیی ڕۆشـنبیری و لاوان، ژمـارە ٨ ؛ لاپـەڕە ٤٦-٥١. ١٩٨٣.

- محمـد مەعرووف فەتـاح، زمانەوانی، ئەکادیمیـای کوردی، هەولێر، ٢٠٢١.


**بەستەرەکان:**


خـەلات محەمـەد، گۆڤـاری ڕووناکی دەنگ و مێژوو نووسـینی کـوردی، https://www.zarikrmanji.n22703/